

# چیرۆکی گەڕانەوەی هیوا

## عێراق و کشتوکاڵی بەردەوام



UNDP
UKaid from the British people
WHH WELT HUNGER HILFE


شیرین، گەنجێکی خۆڕاگر و تەمەن ٢٨ ساڵە، لەگەڵ دوو منداڵەکەی لە چەمچەماڵ، زریانەکانی ژیان دەبڕێت، کاتێک خۆر بێ وەستان گڕ دەدات، بە دڵتەنگیەوە سەیری باخچەی ماڵەکەی دەکات کە ڕۆژێک لە ڕۆژان زیندوو بوو، وا خەریکە هێواش هێواش وشک دەبێت و دانە بە دانەی گەڵاکان، غەمگینانە زەرد دەبن
باخچەی ماڵەکەم سەرچاوەی داهاتی خێزانەکەمە. ڕووەکەکان و باخەکەم مانابەخشن و کرۆکی ژیانی منن.


عومەر، پیاوێکی تەمەن ٣٥ ساڵانە، چەند ساڵێک لەمەوبەر بە چاوەکانی خۆی وشکبوونی کێڵگەکانی کەرکوکی دیوە.
پێشتر، بەسەر کێڵگەیەکی گەورەی ٣ دۆنۆمدا، گەنم و جۆی هەبوو، بەڵام بەهۆی گەرمای زۆر و وشکەساڵی و سنووردارbوونی ئاو، هەموو شتێکی لەدەستدا.
پێویستە من چی بکەم. عومەر: کشتوکاڵ میراتی منە، و هەمووی لەدەست دەدەم

عومەر و شیرین، هەردووکیان گەشتەکەیان بۆ بەرەنگاربوونەوەی وشکەساڵی لە ڕێگەی کشتوکاڵی بەردەوامەوە دەستپێکرد.




عومەر و شیرین ڕاوێژیان لەگەڵ لیژنەی وشکەساڵی کۆمەڵگەی ناوخۆیی کرد و خۆیان پەروەردە کرد لەسەر کشتوکڵی بەردەوام فێری تەکنیکەکاٰن بوون بۆ شێوازی کشتوکاڵی جیاواز، ئەمەش بەبەکارەێنانی ئامێری ئاودێری مۆدێرن و پەینی سروشتی بۆ پاشەکەوتکردنی ئاو لەگەڵ بەدەستهێنانی خاکێکی تەنەندروستتر و بەرهەمی زێدەتر و باشتر.



عومەر لە کێڵگەکەی بارانی کۆکردەوە، تا ئاوی پاک، بەبێ تێچوو بەدەستبهێنێت. تەکنیکی کۆکردنەوەی باران، وادەکات کەمتر پشت بە سەرچاوەی ئاوی باوەڕپێنەکراو ببەستێت.
بە کۆکردنەوە و هەڵگرتنی ئاوی باران، ئاودێری بەردەوام بۆ ڕووەکەکانی مسۆگەر دەکات، کە کاریگەری ئەرێنی لەسەر ژینگە و کەمبوونەوەی تێچووەکانی هەیە.



شیرین، بەهاوکاری منداڵەکانی، دەستیکرد بە کاری هایدرۆپۆنیک و سیستەمی ئاودێری دڵۆپ دڵۆپیشی داناوە. شیرین و منداڵەکانی فێری هایدرۆپۆنیک بوون و بەسەرکەوتووی سیستەمی ئاودێری دڵۆپ دڵۆپیان دانا. ئەمەش وایکرد هەوڵەکانی کشتوکاڵیان باشتر بێت و پەیوەندی خێزانیان پتەوتر بێت لەڕێی فێربوون پێکەوە و کارکردن وەک خێزان بۆ ئامانجێکی بەردەوام و داهاتوویەکی تەندروست بۆ هەسارەکەمان.


ئێستا دەتوانم ڕووەک و سەوزەی زیاتر بچێنم و ئاوی کەمتر بەکاربهێنم
ئێستا دەتوانم زیاتر پشت بە باراناو ببەستم بۆ هەمەچەشنیی سەرچاوەی ئاوی و چاندنی بەروبوومەکانم.

# فێرببە و خۆت بگونجێنە: بنەماکانی کشتوکاڵی بەردەوام بدۆزەرەوە

پرسیارت هەیە؟ پەیوەندی بە پسپۆڕانی کشتوکاڵیمانەوە بکەن لە ڕێگەی تەلەفۆن

**عیسا جەلال جەبار،**
بەڕێوەبەری کشتوکالی چەمچماڵ،
بەرپرسی لیژنەی ووشکەساڵی
0770 156 0242

**بڕوا فارس عمر،**
قوشتەپە، ئەندامی لیژنەی ووشکەساڵی
0750 767 4774

**خەمخۆر سعدی سعید،**
شەمامك، ئەندامی لیژنەی ووشکەساڵی
0750 790 6307

**دەریا کامران،**
لەیلان/کرکوک، ئەندامی لیژنەی
ووشکەساڵی
0770 157 5957

شوێنەکانی بەڕێوبەرایەتی کشتوکاڵ لەسەر نەخشە

شەمامک: 36°01›19.3»N 43°55›01.7»E
قوشتەپە: 36°00›10.7»N 44°01›57.0»E
کەرکوک: 35°19›07.0»N 44°30›30.6»E
چەمچەماڵ: 35°31›55.9»N 44°49›51.4»E

عومەر و شیرین جەنگاوەری وشکەساڵین و دوو جوتیارن کە هەوڵی کەمکردنەوەی گۆڕانی کەشوهەوا دەکەن. کێڵگەکانی عومەر و شیرین سوودەکانی کشتوکاڵی بەردەوام کۆدەکەنەوە – کە هەوڵێکە نەک تەنها بۆ کێڵگەکان، بەڵکو بەڵێنێکە بۆ داهاتوویەکی گەشتر بۆ جوتیاران.

هەموو هەوڵ و هەنگاوەکان، هەرچەند بچوک بن، گرنگن. ببە بە ئەو گۆڕانکاریەی کە خاکەکەمان پێویستی پێیەتی!

